# سەراب !!!

## ( لەچاوەڕوانی  ئیسلامی میانڕەودا)

*عدنان کریم – سدنی*



***" کە هیتلەر دەستی بە کوشتاری کۆمۆنیست و چەپەکان کرد جوەکان ووتیان گرنگ ئەوەیە خۆمان سەلامەت بین . کاتێک کوشتاری جوەکانی دەستپێکرد کرد ڕۆشنبیران ووتیان ئێمە ناگرێتەوە. کە نۆرە هاتە سەر ڕۆشنبیران ژنان وتیان ئێمە ناگریتەوە . کاتێکیش ژنان کەوتنە بەرشاڵاوەکە  ئیتر کەس نەمابو بەرگری لەوان بکات. "***

کێشەیەک کە بەم دواییانە بە هێرشی کۆمەڵێک مەلا و کارمەندی وەزارەتی ئەوقاف و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ سەر گۆڤاری وێران و دەزگای ئاراس و سەردەم دەستی پێکردووە گۆشەیەکە لە کێشمەکێش و ململانێیەک کە بە پانتایی دنیای ئەمڕۆ پان و بەرینە. نەک هەر لەو وولاتانەدا کە بە ئیسلامی دێنە ئەژماردن بەڵکوو لە ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوستراليا‌ش ڕۆژانە گۆشەی جۆراوجۆری ئەو هەڵپژانەی ئیسلامیەکان ئەبینیت بە هەر دیاردەیەک کە جێی پەسەندی ئەوان نەبێت یا ناکۆک بێت لەگەڵ تەفسیری ئەوان بۆ ئیسلام یا ناجۆر بێت لەگەڵ ئیسلام خۆی. هەر لەم شاری سدنیە کەسایەتیەکی چالاکی بزووتنەوە سەلەفیە ئیسلامیەکان بەناوی ( قەیسەر تەرراد ) ماوەیەکی زۆرە دەستی کردووە بەڕێکخستنی کەمپەینێک بۆ بەڕەسمی ناسینی چەن ژنە لەئوستراليا!!. ئەو کێشەیە زۆر کەم تایبەتمەندی کوردی یا کوردستانی پێوەیە و مەگەر ڕواڵەت و شێوازەکانی دەرکەوتنیان جیاواز بێت ئەگینا ڕۆژانە لە میسر و ئوردون و ئەندەنوسیا و فەلەستین و یەمەن و .. تاد ، نموونەیان ئەبینین و ئەبیستین. دوایین هەوڵی ئیسلامیەکان بۆ قەدەغەکردنی کتێبی هەزار ویەک شەوە لە میسر وقسەکانی ئایەتوڵڵا سدیقی لەئێران سەبارەت بە هۆکانی بومەلەرزە و ناساندنی ژنان بە هۆی ئەو دیاردەیە کە  تازەترین نموونەی گوتاری سیاسی و فکری ئیسلامیەکانن ،

ڕەنگ بێ ئێستا کۆن بووبن وچەند شاکاری تری ئەوانی هاتبێتەسەر. لەڕووی مێژوو و زەمەنیشەوە ئەو کێشەیە تازە نیە بەڵکوو ڕیشەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست بەتایبەتی . نموونەی مەلا عبدالخالق و مەلا بەشیر ، مەگەر بەکەم و زۆریکەوە، ئەگینا لەهەموو شوێنێکی دنیای ئیسلامدا زۆرن و لەهەمان کاتیشدا نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەش لە دنیایی هاوچەرخی ئیسلامی ئێستا و جارانیدا زۆرن کە هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی ئاوێنە و ماڵپەڕە کوردیەکانەوە ، لەدرێژەی هەوڵ و کۆششێکی بێ وچانیان دا بۆ بەرگری لەئازادی ڕادەربڕین ، تۆمارێکی نارەزایەتیان ئیمزاکرد.

بەڵام دیارە ئەم پیاهەڵپژانە ، بەدوور لە هەست و نیەتی تاک تاکی لایەنەکانی ، ڕەنگدانەوەی کێشەیەکی پان و پۆڕترە. ئامانجی هەردوو بەرەی ئەم کێشەیە زۆر باش دیارە . هەر لایەک ئەیەوێت زۆرترین ڕووپێوی بیر و کەلتووری کۆمەڵگای کوردستان بە جۆرێک بنەخشێنێ کە لەگەڵ خولیا و ئەندیشە و ئاسۆی تێڕوانینیدا بێتەوە. دیارە کە لایەنگرانی بیر و میتۆدی ئیسلامیش ئەوپەڕی ئازادیان پێدراوە و ئەشبێ هەیان بێ بۆ بەهرەمەندبوونی تەواو لەو مافە بەڵام بەیەک مەرجی بچووک : تەکفیر و خوێن حەڵاڵ کردن و فتوادان نەک هەر ناکۆکن لەگەڵ ئازادی بەڵکوو یەکێک لەکۆنترین چەکەکانی دەستی بکوژانی بیری ئازاد و ئازادی بووە و هەیە بۆیە پەنابردنی ئیسلامیەکان بۆی ئەبێ قەدەغەبکرێت.

لەم کێشەیەدا ڕۆشنبیرانی ناڕازی بەهەر تەوق و چوارچێوەیەک کە سنوور بۆ بیری ئازاد و مەنتیقی عەقڵی دابنێت دەرگیرن لەگەڵ بەرەیەکی پان و بەریندا کە پێیان لەناومێژووی زیاتر لە 2 هەزار ساڵەی ئیسلامدایە و هەڵگری ڕەوتێکی فکری دینین کە هەر هەنگاوێک بەرەو نوێگەری و تێشکانی تاپۆ و قاڵب لەبواری بیرکردنەوە و پراتیکدا ، بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و مەترسیەکی بەهێز ئەزانێت بۆ سەر" دین و دنیا". سەر مەشقی ئەم تەیفە فراوانە لە ڕۆشنبیران ئەوەیە کە " با سەدان گوڵ بگەشێتەوە و سەدان ڕەوتی فکری کێشمەکێش بکەن " و لەبەرانبەردا ڕەوتێکی ئیسلامی پێی وایە کە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێز و ئیسلامیە و گەلی کورد خاوەن سەروەری و مێژوویەکی کۆنن لەبواری پەیڕەوی لە ئیسلامدا و نابێ کەس لە ڕیسا ویاسای ئیسلام لابدات. گەر نموونەی ئەم ڕەوتە لەناو ڕۆشنبیرانی کوردستاندا خەو بەوەوە ئەبینن کە نەک هەر نابێ هیچ کۆت و تەوقێک بۆ ڕۆشنبیران لەئارادا بێت بەڵکوو نابێ هیچ هاووڵاتیەکیش تۆزقاڵێک ڕیگری لە ژیانی ئازادانەیدا بۆ پێک بێت ، ئەوا بەرەکەی تر پێیانوایە کە ژیانی مرۆڤ ( وەکوو عەبدەی خوا ) بۆ ئەوەکراوە کە بەرجەستەکەرەوەی ڕێنوێنیەکانی قورئان و پێغەمبەر و ئەسحابەکان بێت و بەهیچ کلۆجێک ئەو بەدیلە بۆ ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە نەک ناشارنەوە بەڵکوو لەهەوڵدان کە موو بەموو جێبەجێیبکەن.

ئەم تەیفە لەڕوشنبیران لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی خولیا و ئاوات ئامانجەکانی توێژی مام ناوەندی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان ئەکەن . لەولاشەوە ئەو ڕەوتە ئیسلامیەی پێکهاتووە لە چەندین ڕێکخراوی سیاسی ولەشکرێک مەلا و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی وسەدان دام و دەزگای وەکو مزگەوت و ئەوقاف وبەرەیەکی " ئەنتەرناسیونالیست" وگلۆباڵ " لە توڕی ئیسلامی سیاسی و کەلەپوریکی مێژوویی سەدان ساڵە.

لێرەدا  بێ ئەوەی ڕۆبچم بۆ ناو کایەکانی تری جیاوازی و ناکۆکیی نێوان تێڕوانین و بیر و میتۆدی بیرکردنەوەی نێوان ئەو دو ڕەوتە ، ئەو ڕاستیە زەقە ناشارێتەوە  کە ئەم دوو ڕەوتە لەناوەڕۆکدا لەمسەر تا ئەوسەر ناتەبا و ناکۆکن لەگەڵیەکدا.  یەکەمیان زۆر لیبرال و دوەمیان توندڕەوە. ئەمیان خەون بەوە ئەبینێت کە چۆن پانتایی کەمی ئازادی لە کوردستاندا تا ئەوپەڕی توانا گەشە پێبدات و ئەوی تریان نەک هەر ئەوەی هەیە بەزۆر ئەزانێت بگرە داوای " لغاوکردن" ئەکات. گەر بەرەی یەکەم گازندەی لەدەسەڵاتی سیاسی ئەوەبێت کە ئەوان ئازادیەکان بەرتەسک ئەکەنەوە و فشاری هەمیشەیی ئەخەنە سەر حکوومەتی هەرێم لەبواری بەرگری لە ئازادیەکاندا ئەوا بەرەکەی تر پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی زیاد لە پێویست  جڵەو شل ئەکات . بەرەی یەکەم ڕوانگەیەکی ماددی ئاشکرای هەیە بۆ مرۆڤ وبۆیە خۆشبەختیی ئەو بە پێوانەی هەموو زانست و هونەر و ئەدەب دائەنێت و ئەوی لا ئامانجە کەچی بەرەی ئیسلامیەکان پێیانوایە مرۆڤ شتێک نیە جگە لەهەڵگرێک بۆ پەیامێک و ئەسڵ لای ئەوانە پەیامەکەیە و مرۆڤ ( و بەقسەی ئەوان بەندە) وەکوو قاپێک وایە و گرنگ ئەوەیە ئەو قاپە چەند ئەگرێت و چۆن پڕ ئەکرێت لە باوەڕ . تا ئێرە شتێکی تازەمان نەوتوە لەسەر کێشەی چەند هەفتەی ڕابووردوو کە ، وەکوو هەمیشە بە هێرشی یەکگرتوو و ئیسلامیەکان ، و ئەمجاریان بۆ سەر گۆڤاری وێران دەستی پێکرد.

## ڕۆشنبیران بەچی ناڕازین

پێموابێت زۆربەی زۆری ئەو ڕۆشنبیرانەی کە تۆماری ئیمزاکەیان بڵاوکردۆتەوە کەسانێکن  سیکیۆلار ، لیبرال ، دیموکراتیک  وئازادیخواز. زۆربەیان بڕوایان وایە کە ژیان لەسایەی سیستمێکیدا کە دین  و سیاسەت تێکەڵ نەکرێن خۆشترە و هەناسەی ئازادی زیاتری تیا ئەدرێت. هیچ کام لە نموونەی ئەو دۆستە نووسەران و ڕۆشنبیرانەمان ئامادەیی و تەحەمولی یەک هەفتە ژیان ناکەن لەسایەی حکوومەتێکی ئیسلامیدا . زۆربەیان بەقەڵەم بێت یا بە بازوو بۆ ئەو ئایدیانە هەوڵیانداوە و ماندوێتیان چەشتووە. هەموویان ، بە جوری وتار و چالاکی و ناوبانگیاندا ،  بەفەرمی لایەنگری یەکسانی ژن و پیاون . پێموابێت کەمیان هەبێت هەڵگری بیروباوەڕی ئاینی بێت یا ئاین لە ژیانی ڕۆژانەیدا پراتیک بکات. ڕەنگ بێ بەشێکیان ئاتەئیست و بەشێکی تریان لە پۆلینکردنی نێوان دیندار و بێدیندا بێلایەن و بە قەولی ئینگلیز " نیوتراڵ "  Neutral "بن بەڵام بەگشتی کەمیان دیندار بن . ڕەنگ بێ زۆریان لەژیانی تایبەتی خۆیاندا بە کەمترین ڕادەش پەیڕەوی لە ڕێ و ڕەسمی ئاینی نەکەن . زۆربەیان بە کەلچەر و ژیانی مۆدرین و شارستانی نەک هەر ئاشنان بەلکوو خوازیاری سەرسەختی سیستم و کۆمەڵێکن کە ئەو بەهایانە سێبەری هاویژتبێت بە سەر هەموو گۆشەیەکی کوردستان و جیهاندا . ئەوان وەکوو پێشەنگانی توێژە مامناوەندەکانی کۆمەڵگای کوردستان و وەکوو "ڕۆشنبیر " کە ئاسۆی دوورتری گەشە و پێویستی کۆمەڵ ئەبینن، سیمبولی دەیان بەها و خولیا و ئارەزووی مودرین و بەرز و واڵان و زۆر گوێقوڵاغتر لە بنیادەمی ئاسایی کۆمەڵ لەگەڵ مەترسیەکاندا ئەسڵەمێنەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەداوی خۆشیەکاندا سەرمەست ئەبن. بەکورتی ئەم توێژە لە ڕۆشنبیرانی کوردستان دڵی زیندووی بەشێکی زۆر بەرین تری خوێندەوارو لاوان و کچان و کوڕانی

ئەم وولاتەن و ئەمانن نەک هەر خولیا و ئاوات و ئایدیا و بەهاکانی ئەو توێژە بەرینەی خەڵک ئەنەخشێنن بەڵکوو ڕۆڵێکی کاریگەریش ئەگێڕن لە ئەفراندنی هۆشیاری و فکری ئەو توێژە بەرینەی خەڵکدا.

بەڵام هەموو گرێی مەسەلەکە لەوێوە دەست پێ ئەکات کاتێک کە ئەم توێژە ئیلیتە ئەکەونە هەڵوێست وەرگرتن یا ناچار ئەکرێن کە لەبەرانبەر ئیسلامدا یا دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامدا هەڵوێست وەرگرن.

ئیلیتی ڕۆشنبیری کورد ، بەگشتی ، هیچ کات دەسپێشکەر نەبوون بۆ هێرش بۆسەر ئیسلام . ئەمان هیچ کات سەربەخۆ و وەکوو پێویستیەکی بابەتی تاووتوێی ڕۆڵی ئیسلامیان نەکردووە و هەمیشە هەوڵیانداوە خۆیان لەشەڕی ئیسلام ولایەنە ئیسلامیەکان و کەسایەتی و ڕۆشنبیرانی ئەوان لادەن. لەهەر کێشەیەکیشدا هاتبێتە پێش هەوڵیانداوە بەرگری لەخۆیان بکەن و ئەوەندە پێهەڵبڕن کە وردەکاریەکانی ئەو بەرگریە پێویستیەتی. پێش ئەوەی دوعایەک خەڵتانی خوێن بکرێت زۆر کەمیان بیریان بەلای ئەوەدا ئەچێت کە هەموو ژنان بەپێی شەرعی سەروەری ئیسلام پرۆژەی کوشتنن گەر مووبەموو پەیڕەوی لە ئەحکامەکانی نەکەن. بەو هۆیەوە کە ڕۆشنبیران زۆر لە خەڵکی سادە خوێندەوارترن زۆر زیاتر ئاگایان لە مێژووی ئیسلام و وفایلی ئەم ئاینەیە لەدژی ژنان و هەڵگرانی بیری ئازاد و نەیارانی بیری ئیسلامی بەڵام زۆر کەم ئەو زەخیرەیەی مێشکی خۆیانمان بۆ ڕۆئەکەن. بەهۆی بیری تیژ و دووربینی و قوڵیی ڕوانینیانەوە ، ڕۆشنبیران زۆر لە عەوام قووڵتر نێوانی دێڕەکانی تێکستە ئیسلامیەکان ئەخوێننەوە و ئەوان زۆر زیاتر دەسڕەسیان هەیە بە سەرچاوە و میتۆدەکانی خوێندنەوە و بەراوردکردن و ڕۆچوون بۆ ئەودیوی ڕواڵەتی دیاردەکان تا گەیشتن بە ڕاز و نهێنی بوون و فەنابوون و حیکمەتی ژیان و مانای مەرگ . بە کورتی ئەوەی لەتوانای ئەواندایە لەبواری تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئیسلام و مێژووی سەرهەڵدانی و ڕەوت و شێوازەکانی گەشەکردنی و شێوە و میکانیزمەکانی بڵاوبوونەوەی لەڕووی مێژوویی و هاوچەرخەوە، بۆ کەسی ئاسایی ناگونجێت و ئەو چەکانەی ئەوان پێیانە زۆربەی خەڵک پێی نیە.

بەڵام سەرباری گشت ئەوانە بۆچی ئەم تەیفەی ڕۆشنبیران هەڵوێستیان لەسەر هیچ مەسەلەیەک ناشارنەوە و بەتوێکڵەوە قسە ناکەن و زۆر بوێرانە وڕاشکاوانە قسەی ناخی دڵیان ئەکەن بەڵام سەبارەت بە ئیسلام و ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی ڕێک پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە چاوەڕوانکراوە هەڵوێست وەرئەگرن؟.

پێم وابێت زۆربەی ئەم دۆستە ڕۆشنبیرانەمان ئەزانن کە ئیسلام بە پێچەوانەی ئیدیعای مەلا و ڕۆشنبیرانی ئیسلامیەوە سەبارەت بەوەی ئاینەکەی ئەوان لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتی نێوان مرۆڤەکان و گیانی برایەتی و تۆلیرانس ئەکات ، ئەو ئاینە پەرەئەدات بە دوژمنایەتی و قین لەدڵی و کینە بەڵام کەم ڕۆشنبیر لەم نێوەدا ڕێک و بێ هیچ ئەملاوئەولایەک ئامادەیە لەڕووی ئەوانەدا بڵێت : نەخێر ئیسلام ئاینێکە بەبەڵگەوە هانی موسولمان ئەدات بۆ کین لەدڵی و نەفرەت لە کەسانی ئاینزاکانی تر . ئیسلام دژی ئازادی دەربڕینە ، لایەنگری لە دکتاتۆریەت ئەکات و خۆی باشترین بیانوە بۆ خنکاندنی هەر دەنگێکی ئازاد و نەیار

. کەس ئەو ڕاستیە نادرکێنێت کە ژن ، بەدەیان بەڵگە لە قورئان خۆیدا، بە کەم عەقڵ و نیوەی پیاو دێتە ژماردن و ئەم ئاینە ڕێ بەخۆی دەدات کە دەست وەرداتە تایبەتترین لایەنی ژیانی ئینسان و بەتایبەتی ژنان وەکوو شێوەی بەرگپۆشین و خۆڕازاندنەوە . هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی ئێمە باش ئەزانن کە ئەوان بەهەزار ماددە و بەڵگەی ئاینەکەی مەلا عبدالخالق لە قورئان و حەدیسدا ، هەموویان کافرن و و بە دیاریکراوتریش هەڵگەڕاوە ( مرتد ) ن کە سزای ئەمیان مەرگی بێ ئەملاو ئەولایە . ئەوانە و دەیان بەڵگەی تر کە ئەو ڕۆشنبیرانە خۆیان لە من باشتر شارەزان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئاینی ئیسلام کەچی ئەوان خۆیان لەقەرەی هیچ یەک لەو ڕاستیانە نادەن و ڕۆژانە و بەم بۆنەیەشەوە جارێکی تر زۆر بە خەمساردی بەلایدا تێئەپەڕن.

## کێ ڕاست ئەکات مەلاکان یا ڕۆشنبیران

بەڕای من ئەو دەستەیە لە ڕۆشنبیرانی کوردستان بەدەستی خۆیان و بەهەڵە ( ببورن لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە ) لە جەدەل لەگەڵ ئیسلامیەکاندا خۆیان خزاندۆتە گۆشەیەکی تەسکەوە . چۆن ؟

1 / ئەوان ئەڵێن ( یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆر بانگەشەی میانڕۆییی کردووە) .

بەڕای من ئەوە ئەو کۆمـەڵە ڕۆشنبیرەن کە ئەو قسەیەی یەکگرتوو بەسەریاندا تێپەڕیوە و لانی کەم بۆ ئەو چەند ساڵەی کە ئەوان هێمای پێئەکەن ئەوان تووشی هەڵە و خۆشباوەڕی بوونە . زۆر کەس و لایەنی تر بەدروستی و هەر لەسەرەتاوە وتویەتی کە ئەوەی یەکگرتوو پێی ئەڵێت وتاری میانڕەو شتێک نیە جگە لە تاکتیکێکی سیاسی و پێشەکیەکە بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ هێرشبردنی ڕاشکاوانەتر بۆ سەر هەموو نەیارنی سیاسی و فکری خۆیان و ڕاگەیاندنی جیهاد پیرۆز !!!. جگە لەوەش و وەکوو نموونەکان و تاقیکردنەوەکانی زۆربەی بزووتنەوە ئیسلامیەکان نیشانی داوە ، ئەم دابەشکردنەی ئیسلامیەکان بە توندڕەو و میانڕەو تەنها کار دابەشکردنێکی نێوان خۆیانە و هیچی تر.

بەڕای من ئەو کرێدیتەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە ئەیدەن بە یەکگرتوو جگە لەوەی نادروستە ، ئەشبێ بەبەڵگەیەک بەدەستیانەوە لەبەرانبەر دەیان لایەن و کەسایەتی سیکیۆلار و ئاتەئیستدا تا ئەرگیۆمینت و بەڵگەکانی خۆیانی پێ بەهێز بکەن و بەڵگەش لە ڕۆشنبیرانێکی سیکیۆلار بێننەوە کە لەبەرەی ئیسلامی یا بەگشتی بەرەی ئیسلامدا نین.

2 / ئەم دۆستە ڕۆشنبیرانە ئەڵێن : ( ڕۆشنبیری ئێمە زۆر لەوە هۆشیارترە، کە ئەوان پێوەری حەرام و حە ڵاڵی بە سەردا بسەپێنن) .

دیسانەوە ئەم بەڕێزانە چوونەتە گۆڕەپانێکەوە کە ئیسلامیەکان هەڵیان بژاردوە. من لێرەدا بۆم هەیە بپرسم : ئایا باشتر نیە هەر لە بناغەوە بەوانە بوترێت کە بەوچەکە ژەنگاویەوە دێنە مەیدانی بەرانبەرکێی ڕۆشنبیرانەوە : ئێمە بە هیچ کلوجێک بڕوامان بە مەنتیقی "حەرام و حەڵاڵ " نیە ؟.

وکوو پێشتریش هێمام پێکردووە ئەو قسەیە ڕاستیشە و ئەم کۆمەڵە فراوانە ڕۆشنبیرە ، مەگەر بەدەگمەن، ئەگینا کەسیان لەڕاستیدا بڕواشیان بە "حەڵاڵ و حەرام" نیە. بەڕێزان ئەوە درکاندنی شتێکە کە پێچەوانەی ویژدانی فکری خۆتانە . من لەهەموو قسەکانمدا مەبەسەتم ئەوە نیە کە ئەو هاوڕێ ڕۆشنبیرانە وەکوو من یا کەسانی وەکوو من بیر بکەنەوە بەڵکوو تەنها قسەکەم لەسەر ئەوەیە کە ئەوان هیچ نەبێ ویژدانی فکری و قەناعەتی دەروونی خۆیان بکەن بە مەحەک. من زۆر بێگومانم لەوەی کە پێوەر لای ڕۆشنبیرانی خاوەنی ئەم تۆمارە نەک مەنتیقی "حەڵاڵ و حەرام" بەڵکوو ئەویە کە چەند هەر شت یا دیاردەیەک ، لە کۆمەڵ و کەوندا، ڕۆڵی باش لە ژیانی مرۆڤدا ئەبینێت و خزمەت بەدابینکردنی پێویستیە مادی و مەعنەویەکانی مرۆڤ ئەکات یا بە پێچەوانەوە . دیسانەوە زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێم لەوەش دڵنیام هەموو ئەو دۆستە ڕۆشنبیرانە دڵنیان لەوەی زۆربەی ئەو دیاردانەی مایەی خۆشگوزەرانی و لەززەت و دڵنەوایی و سەرگەرمی و بەکورتی هەموو ئەو دەسکەوت و بەرهەمە مادی ومەعنەویە کەڵەکەبووانەی قۆناغی ئێستای گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، لەڕوانگەی نەک تەنها بیری مەلا عبدالخالقەوە بەڵکوو بەپێی بنەما ڕاستەقینەکانی ئیسلام ، هەموو یا زۆربەیان "حەرام " ن و هەموو یا زۆربەی شتە دزێوەکانی ژیانی کۆمەڵگاش بەپێی هەمان ئەو سەرچاوانە ، "حەڵال" ن.

دیارە لەسەرجەم قسەکەمدا من بەناچاری پەنا بۆ زاراوەی" حەڵاڵ و حەرام" ئەبەم و تەنها بۆ نزیککردنەوەی مەبەستەکەم ئەگینا زاراوەکانی بەکەڵک و بێکەڵک ، خۆش و ناخۆش، بەلەزەت و بێلەزەت و کۆمەڵێک تێرمی تر ئەتوانن ئارەزوو یا بێزاریەکانمان لە دیاردە و شتەکان دەربڕن.

3 / دیسانەوە بەشداری کردن لە جەدەلێکی وەکوو ئەوەی کە ئەم چەند هەفتەیە لەنێوان هەندێ مەلا و ڕۆشنبیری ئیسلامی و ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەدا بە میتۆدی ئەوەی کێ شارەزاترە لە شەریعەت و کلیلی مانا ڕاستەقینەکانی شەرعی پێیە یا کام لێکدانەوە بۆ شەرع ڕاسترە، بەزیانی بەرەی ڕۆشنبیران و بیری ئازاد و قازانجی بەرەی ئیسلامی و لایەنگرانیەتی.

سەیرکەن چۆن ڕۆشنبیران لەو بوارەدا دەکەونە جەدەل .

(ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی پێی وایە فلان چیرۆک یان فلان شیعر لەگەڵ شەریعەتدا نایەتەوە و نووسەرەکانیان بە زەندیق و کافر تۆمەتبار دەکات، ئایا ئەوان چۆن دەتوانن دڵنیامان بکەنەوە، کە خۆیان لەو شە ریعەتەیان لا نەداوە؟) .

ڕۆشنبیران لێرەدا قسەی ڕاستەوخۆی خۆیان ناڵێن و لەجیاتی ئەوە بە نیوە گومانێکەوە داوای ئەوە لە یەکگرتوو ئەکەن بیسەلمێنێت کە ئەوان ( لەشەریعەت لایان نەداوە) . ئەم ڕستەیە چەندین تەفسیر هەڵئەگرێت.

یا ئەویە کە دۆستانی ڕۆشنبیرمان پێیان وایە کە یەکگرتوومافی ئەوەیان نیە قسەکردن بەناوی شەریعەتەوە بەتەنها لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن.

یا ئەوەتا ئەخوازن بڵێن کە شەریعەتی ئیسلام وەکوو لاستیک وایە کە تەفسیری جیاواز هەڵئەگرێت.

بەڵام با واز لەوە بێنین و لەبری ئەوە با بچینە سۆراغی قازیەک بۆ ئەم کەیسە. باشترین قازی بەپێی ئەو مەنتیقە قورئانە و دەقە ڕەسەنەکانی ئیسلام خۆیەتی کە بێ هیچ ئەملاو ئەولاکردنێک ڕاسی قسەکانی یەکگرتوو ئەسەلمێنێت.

بەڕێزان ئیلیتی قەڵەم بەدەستی ئەمڕۆی کورد:

ئایا مەنتیقی تر نەبوو خۆتان نەهاونە گۆشەیەکی تەسکی وەهاوە کە ( خوا!)ش فریاتان ناکەوێت وباشتر نەبوو لەبری ئەوە زۆر سادە و ئاسان بڵێن ( بڕۆن ئێوە ئەو شەریعەتە بکەن بە چرای ڕێی ژیانی خۆتان و شەریعەتی ئێمە عەقڵی خۆمانە کە سەرچاوەی هەموو یاسا و ڕێسا یەکە بۆ ژیانمان . ئێمە هیوادارین ئەو شەریعەتە ، وەکوو ئەفغانستانی سەردەمی تاڵەبان و سعودیەی ئیستا و ئێرانی گیرۆدە بەدەستی ئاخوندەکان ، نەبێت بە نسیبی خەڵکی کوردستان و ئێوەش ئەتوانن هەرچی زووتر بلیتێکی یەک سەرەی وێرانە خاکەکەی مەککە ببڕن تا لەوێدا بەشاری خەونەکانتان بگەن و هەمووشی هەزار کیلۆمەترێک دوورە!! ) .

ئایا ناکری لە جیاتی ئەو قەرزدانە بە شەریعەت و کردنی بە پێوەر زۆر بە ڕیزەوە بوترایە کە ئاخر ئێمە هیچ بڕوایەکمان بە شەریعەت و ئیسلام و ئایین نیە ( ئەگەر بە ڕاستیش نیتانە !! ) . ئایا ئەوە ڕێیەکی قەدبڕ تر نەبوو؟ ئایا ئەوە لە کۆڵی ئەو هەموو تەمێ کردنەی ئەم مەلا و ئەو لێپرسراوەی یەکگرتووەی نەدەکردنەوە کە ئەو جۆرە گووتارەی ئێوە شەهیەیانی کردەوە کە داوای تۆبەشتان لێبکەن؟

بە کورتیەکەی پێش ئەوەی تاریکیی دەسەڵاتی ئیسلام و بیری ئیسلامی لەوە زیاتر پەرەبسێنێت و جورئەتی زیاتر بۆ هەڕەشە و کوشتار لە خۆیان بنوێنن کاتی ئەوە هاتووە چاوێکی ڕەخنەگرانەی وورد و قووڵتر بەو میتۆدە پڕ لە خۆشباوەڕیەدا بخشنرێتەوە کە هێشتاش پێی وایە کە ئەکرێ ئاراستەی سەدان ساڵەی ئیسلام و ڕەوتە ئیسلامیەکان بگۆڕێت بەرو میانڕەوی . کەس نەیزانی ئەوانەی ڕاستەوخۆ دوایین گولەکانیان نا بەجەستەی فەرەج فودە ونەجیب مەحفوز و مەهدی العامل و عەبدولخالق مەعروف و فەرهاد فەرەج و سەدان نوسەری ترەوە کەسانێکی میانڕەو بوون یا توندڕەو بەڵام هەر هەموومان ئەزانین کە ئەوانە نموونەی ئیسلامی پاک و بێگەردی موحەمەدی بوون و بەپێی ڕێنوێکانی ئیسلام و بۆ سەرخستنی ئەو کارانەیان کرد . با نەبین بە بڕەوپێدەری سەرابی خۆشباوەڕی بەرانبەر بە بیرێک کە لە شەڕەکانی بەدر و ئوحودەوە تا لەسێدارەدانی فەهادکەمانگەر و هاوڕێکانی ، سەدان هەزار کەس بوونە بە قوربانی حەزیای تێرنەبووی دژایەتیی ئەو لەگەڵ ئازادیدا .

له ڕاستیدا بەشێکی زۆری وتاری ڕۆشنبیری باوی کوردستانی عێراق بارگاویە بە قورساییەکی کەلەپووری ئیسلامی یا زۆرێک لە ڕۆشنبیران لەبەرانبەر بیری ئیسلامیدا بە ئاسانی و بێ ئەوەی مەترسی ئەکارە هەست پێ بکەن ئەچەمنەوە. .

ئەوەی لە نموونەی تۆماری پرۆتێستی ڕۆشنبیراندا لە دژی بانگەوازەکانی یەکگرتوو و هەندێ مەلا و لێپرسراوی ئەوقاف بینیمان ڕەنگ بێ بەهۆی جۆری بابەتەکەوە هێشتاتا رادەیەکیش توونـد بیتەبەرچاو لەبەرانبەر بیر و مەنهەجی ئیسلامیدا کە نزیکەی 20 ساڵێک ئەبێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەهەوڵی ئیسلامیزەکردنی پانتاییەکی زیاتری مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسین لە کوردستاندا. هەوڵەکەشیان بەتایبەتی لەسایەی ئیمتیاز پێدانیان لەلایەن دەسەڵاتدارەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بێ دەسکەوت نەبووە. هەر ناساندنی ئیسلام بە سەرچاوەی یاساکان لە دەستووری پێشنیارکراوی هەرێمدا و پەسەندکردنی یاسای چەند ژنە و بەخێوکردنی دەیان ڕێکخراوی وەکوو کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوە و هەزاران مەلا لە ڕێی سامانی خەڵکەوە، بەشێکی کەمی ئەو دەسکەوتانەن کە ئیسلامیەکان بەدەستیان هێناوە . ئەو دەسکەوت و ئیمتیازاتانە شەهیەی ئەوانی کردۆتەوە بۆ هێرشی لەم جۆرە . هەو بۆیەش بە پێچەوانەی سادەتری عورفی دیموکراتیەوە ، دەسەڵاتی سیاسی کوردستان کە ڕۆژانە لەسەر سادەترین درکاندنی شرەخۆری لێپرسراوانی ورد و درشتی حکوومەتی هەرێم سەرگەرمی ڕاکێشانی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانن بۆ بەردەم دادگا ، وەکوو ڕێکەوتنێکی ژێربەژێر، لەبەرانبەر هەڕەشە و فتوا و هێرشی تەکفیری ئیسلامیەکاندا متەقی لەخۆی بریوە. ڕۆڵی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی وەکوو گۆڕانیش لەم دواییەدا هاتە پاڵ دیمەنەکە بەڵام بە قازانجی بەرەی ئیسلامی . ئەمانیش دوانەکەوتن لە هاوپەیمانی و هاوکاری ئەو جۆرە هێز و لایەنانە کە ڕۆژانە هەڕەشەی لێسەندنەوەی سادەترین ماف و دەسکەوت لە خەڵک و بەتایبەتی لە ژنان و ڕۆشنبیران و هێز و کەسایەتیە سیکیۆلارەکان ئەکەن.

ئایاری 2010